هێلین

HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

کۆمەڵگەی کوردی و ڕوانینی بۆ چەمکی شەرەف

د.ڤیان سلێمان

لەباسکردن لە کۆمەڵگەی کوردی دەبێت ئەوەمان لە پێشچاو بێت، کە ئیمە باس لە کۆمەڵگەیەک لە سنورێکی جوگرافی دەورەدراو بە دەوڵەتانی داگیرکار، نەژادپەرست و فەندەمینتالیست دەکەین، کۆمەڵگەیەک کە بەهۆی نەبوونی کیانێکی سیاسی، ئابوری سەربەخۆ ڕووبەڕووی داگیرکاری و جینۆساید و شێواندنی کولتوری و سڕینەوەی فەرهەنگی بووەتەوە، ئەوەش دۆخێک لە چەوسانەوە و ستەمی بۆ سەرجەم تاکەکانی نەتەوەی کورد چێکردووە و کاریگەری درێژماوەی هەبووە. نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی ئازادیخواز خاوەن کولتوری تایبەت بەخۆی بووە و لە ڕوانگەی ئازادی ئافرەت چەندین هەنگاو لە پێش نەتەوەکانی دەوروبەری بووە، بەڵام وەک وتمان بەهۆی کەلتوری داسەپاو و باری ناهەمواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەروەها لەبەرئەوەی خودی کۆمەڵگەی کوردیش سەرەڕای ئەو جیاوازییانە، بەڵام خاوەن سیستەمێکی کۆمەڵایەتی باوکسالار و خێزانی کوردیش خێزانێکی ناهاوسەنگ لە پەیوەندییە خێزانییەکان؛ چەندین داب و نەریتی کۆن و دژە ئافرەت بوون بە بەشێک لە کەلتوری نەتەوەییمان.

توندوتیژی جێندەری بە پاساوی پاراستنی شەرەف هەموو ئەو کردارە توندوتیژئامێزانە دەگرێتەوە کە بە پاساوی پارێزگاری لە شەرەف دەرهەق بە ئافرەت دەکرێن؛ هەر لە چاودێریکردنی ئافرەت و سنوردانان بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی و بێبەشکردنی لە خوێندن و کار و دەستوەردان لە شێوازی جلوبەرگی و چاودێریکردنی پەیوەندییەکانی تا دەگاتە کوشتن بە ئامانجی گەڕاندنەوەی شەرەفی لەدەستچوو لە تێگەیشتن و ئاگایی ئەو کەسانەی هەموو شکۆ و شەرەفی خۆیان لە هەڵسوکەوت و جەستەی مێینە نێزیکەکانی خۆیاندا دەبیننەوە، لە هزری ئەو گروپانەی باوەڕیان بەو کۆدە کۆمەڵایەتی و نۆرم و بەهایانە هەیە کە شەرەف بە جەستەی ئافرەت دەبەستنەوە، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تاک بەهای نییە و ئینتیما بۆ گروپ و خێڵ لەسەروی گرنگی تاکدایە، لەو کۆمەڵگەیانەی خێزان دەبێت پێڕەوی لەوە بکات مێینەکانی بەپێی ڕێساکانی خێڵ بژین و لە ئەگەری لادان و دەرچوون لەو پێوەرانە خێزان پێگەی خۆی لە دەستدەدا و ناوبانگی دەزڕێت. لەو کۆمەڵگەیانەی کە تێیدا هەر پیاو خاوەن شەرەفە، ڕۆڵی ئافرەت تەنها ئەوەیە شەرم و نەنگی بۆ شەرەفی پیاو نەهێنێ و گوێڕایەڵی ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان بێ.

لە هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە توندوتیژییەکان بەرامبەر ئافرەت هیچ پاساوێکیان بۆ نابێتە ڕەوایەتی سزای دیاریکراویان بۆ دانراوە، کوشتن بە پاساوی شەرەف سازشی لەگەڵ ناکرێ و لە چاوی یاسادا هیچ بەهایەک بۆ ئەو شەرەفە لەدەستچووە دانانرێ کە بکوژ تاوانەکەی بۆ ئەنجامداوە!، بەڵکو وەک هەر کوشتنێکی بە ئەنقەست مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر تاوانبار بکەوێتە دەست یاسا!، هەروەها کۆمەڵگەی کوردستانی لەڕووی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە دیوە، بەڵام توندوتیژییەکان بەرامبەر ئافرەت بەردەوامن لەنێویاندا تاوانی کوشتن بە پاساوی شەرەف و هەندێ جاریش پەیوەندییەکی خۆشەویستی و تەنانەت گومانێکیش بەسە بۆئەوەی بڕیاری کوشتنی ئافرەتێک بدرێ، لێرەدا دەکرێت بکوژ بڕوای بەو بنەمایەش نەبێت کە تاوانەکەی لەسەر ئەنجامداوە، بەڵام لە ژێر فشاری خێڵ و باوەڕی باوی کۆمەڵگە و لە ترسی ناوزڕان ئەو تاوانە ئەنجام دەدات، بۆیە ئەوەی دەبێتە بنەما بۆ ئەنجامدانی تاوانی شەرەف بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو باوەڕەیە کە شەرەفی پیاو لە ڕەفتار و جەستەی ئافرەتدا دەبینێتەوە، ئەو فەرهەنگەیە کە زەمینە بۆ ئەو جۆرە تاوانە خۆش دەکات.

> کەس شەرەفی کەس نییە و ئافرەت موڵکی پیاو نییە، شەرەفی مرۆڤ پیاو بێت یا ئافرەت لە باوەڕ و کردارەکانیدایە لە دڵسۆزی و دەستپاکی و مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەریدایە، ئەم بڕوایەش بە تێکۆشانی هاوبەشی هەردوو مرۆڤ لە ئافرەت و پیاو بەدی دێت

ئەمەش لەلایەکەوە تێنەگەیشتنە لە چەمکی شەرەف و لەلایەکی دیکەش ڕوانینە لە ئافرەت وەک موڵکی پیاو و خێڵ، لێرەدا کارکردن بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکی شەرەف لە ئاگایی گشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی کە دەیان ساڵە ئێمە لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەت و لایەنە پەیوەندارەکان دەستمانپێکردووە، دەبێت زیاتر پەرەی پێبدرێ و لەو چوارچێوەیەشدا کوشتن بە بیانوی شەرەف وەک تاوانێکی قێزەون و دوور لە بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی و پیرۆزی ڕۆحی مرۆڤ وێنا بکرێ، بە شێوەیەک نیشان بدرێ، کە ئەوانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن، لە باوەڕی کۆمەڵایەتیدا نەک وەک هێنەرەوەی شەرەفی لەدەستچوو لێیان نەڕوانرێ، بەڵکو بکەونە بەر تووڕەیی کۆمەڵگە و پەراوێز بخرێن، ئەو تاوانە ببێتە هۆی لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕووشانی ناوبانگیان، تێگەیشتنێک دروست بکرێ کە ئافرەتیش خاوەن شەرەفە و بەلایەوە گرنگە؛ ڕاستگۆ و بەمتمانە و دەستپاک و خاوەن کەسایەتی باش و مرۆڤدۆست بێ، بەلایەوە گرنگە کەسایەتی و ناوبانگی خودی خۆی بپارێزێ نەوەک بەرپرسیار بێ لە پاراستنی شەرەفی بنەماڵە و هۆز، دواجار کەس شەرەفی کەس نییە و ئافرەت موڵکی پیاو نییە، شەرەفی مرۆڤ پیاو بێت یا ئافرەت لە باوەڕ و کردارەکانیدایە لە دڵسۆزی و دەستپاکی و مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەریدایە، ئەم بڕوایەش بە تێکۆشانی هاوبەشی هەردوو مرۆڤ لە ئافرەت و پیاو بەدی دێت.

چل ڕۆژەی کۆچی دوایی دایکە ئایشە، بەرز ڕاگیرا

ڕێکەوتی ٤ی سێپتمبەری ٢٠٢٠ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و حزبی و بنەماڵەی دایکە ئایشە، ڕێورەسمی بەرز ڕاگرتنی چل ڕۆژەی کۆچی دوایی دایکە ئایشە، دایکی شەهیدانی کوردستانی بە ئەنجام گەیاند.

وەک وەفایەک بۆ ڕۆحی بێگەردی ئەو دایکە میهرەبانە، بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕێزگرتن لە سیمبول و سەرمایەی نەتەوەیی و نمونەی کەم وێنە لە بەخشین بۆ پاراستنی خاک و خۆڕاگری و ئیرادەبەرزی لە ئاست قوربانیدانە گەورەکان؛ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەرکی ڕێکخستنی گۆڕەکەی دایکی شەهیدانی لە ئەستۆ گرت. ئەمەش تەنها پشتیوانییەکی مەعنەوی و بچوکترین خزمەتە لە ئاست قوربانییەکی هەرە گەورە و نواندنی ڕێزە بۆ ڕۆحێکی پیرۆز.

دایکە ئایشە، ناوی تەواوی (ئایشە تەها عوسمان)ە لەساڵی ١٩٢٦ لەگوندی کاولە باسی / ناحیەی سیدەکان لەدایکبووە و لەبەرواری ٧ی تەمموزی ٢٠٢٠ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

خاوەنی ٤کچ و حەوت کوڕ بووە لەو کاتەدا چوار لەکوڕەکانی پێشمەرگەبوون، و لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ لەناحیەی زوممار سێ کوڕی دایکە ئایشە بەدەستی تیرۆریستانی داعش شەهید دەبن و دوو نەوەشی بەسەختی بریندار دەبن.

بەو بۆنەیەوە سەرۆک بارزانی سەردانی دایکە ئایشەی کردوو وسەرەخۆشی خۆی پێگەیاند، وەک شێرەژنی کورد و سمبولی کوردستان ناساندی، هەروەها لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە نازناوی (دایکی شەهیدانی کوردستان)ی پی بەخشرا.

ژمارە (٣٣٣٢) ٢٠٢٠/٩/٧
هەولێر

ئافرەت و ئابووری سەربەخۆ

تەرزە محەمەد

ئافرەت بە سروشــتی خۆی میهرەبان وفیـداکارە ئەتوانین بڵێین بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، لەلایەک دایک و پەروەرشـیارە نەوەی داهاتوو بەرهەم دێنێ، لەلایەکی تر هاوسـەرو بەڕێوەبەری ماڵەو پێداویستی سـەرجەم تاکەکانی خێزان جێبەجێ دەکات وباوەشی سۆزو میهرەبانیە بۆ هەموویان.

لـە جیهاندا ئێسـتا هەمـوو کێبرکێی سـەرکەوتن دەکەن بۆ کارکردن یان گەیشـتن، بەو خەونەی کـە هەیانە، کە لە دونیای ئێستادا ئەمە بەتەنیا بۆ پیاو نەماوەتەوە، بەبەراورد لە گەڵ چەند ساڵی ڕابردوو. گەر سـەرنج بدەین لە مێژوودا لەسەردەمانی زوو ئافـرەت زیاتر لە بواری بازرگانی و خاوەنداریەتی و ئابوریدا کاری کردووە، بەڵام بەپێی قۆناغ ئافرەت ئەم توانایی لێ زەوتکراو پیاو خۆی بە خاوەنی بازرگانی و موڵکداری ئەزانی. ئافرەتیش دەبێت لە ماڵ بێت، بەڵام لە دونیای ئێستادا کە قوناغی پۆست مۆدێرنەیە دەبینین ئافرەتیش لە کایەکانی سیاسـی، ئابـوری، بازرگانی و هەتا دوا نمونەی زیندوون لە سـەرکەوتووی و بەرپرسیارێتی کە نمونەی زیندوو هەن لە ئێستای جیهان وکوردستانیشدا کە ئافرەت سـەرکردە و خاوەنکار و بەرێوەبەر و فەرماندەی هێزی چەکدارن، لە ئێسـتادا ئافرەتیش دەڵێت من دەتوانـم ئیتر من بەتەنیا ژنی ماڵەوە نیم.

لەگەڵ ئەوەشـدا ئافرەت تەنها بەئـەرک وخزمەتی خێزانەکەی نەوەسـتاوە، بەڵکـو هەنـگاوی گەورەتری نـاوە تاوەکو بتوانی خزمەتـی تاکەکانی کۆمەڵیش بکات. وڵات بۆ بەرەوپیشـچوونی باری ئابوری و پتەوکردنی ژێرخانەکەی پێویستییەکی گەورەی بە ڕۆڵی ئافرەت دەبێت، چونکـە کۆمەڵگە ئەگەر بە نیوە بێت ئەوا پێکهاتـووە لە ئافرەت و ئـا لەو کاتەدا بێکاری هەر تاکێک جا چ ئافرەت یان پیاو کاریگەری تەواوەتی دەبێت لەسەر هێڵی بێکاری و داهاتی وڵاتەکە.

لەکۆمەڵگـە پێشـکەوتووەکاندا ئافرەتـان هاوشـانی پیاوان کاردەکەن، بەڵام لەوڵاتانی تازەپێشکەوتوو ئافرەت ڕۆڵی بەرچاوی نەبـووە لەکارکـردن و خاوەن ئابـووری تایبەتی خـۆی نەبوە. کارکردنـی ئافرەتـان کاریگەری لەسـەرگۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە و دابونەریتـی دەبێـت ئەمانە ئاماژەیەکی بـاش دەبن بۆ ڕوونی ئایندەی ئافرەتان و لەم سـاڵانەی دوایـدا کارکردنی ژنان چۆتە قۆناغێکی نوێوە و جگە لەدامەزراوە ڕەسمییەکان ژنان بەشێوازی سـەربەخۆ لەکەرت و شوێنەجیاوازەکاندا هەوڵی کارکردنی خۆیان داوە بۆئەوەی ببنەخاوەن داهاتی خۆیان چەندین پیشە و ئەرکیان لەئەستۆی خۆیان گرتوە. سەرەڕایی ئەوقەیرانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوکاریگەری ئابوری لەسەرئاستی جیهان وکوردستان دروست کرد هێشتان ئافرەتانی کورد لە چوارچێوەی ماڵەکانیان خەریکی پیشەی بەرگ دورین ودەسـت ڕەنگین هەریەکەیان لەبوارێکدا کە خۆیان حەزو خولیایانە.

ئاسـتی ووشیار و ڕۆشـنبیری تاک وکۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی دەبینـن لە پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروسـت وخاوەن ئابوری سـەربەخۆ، حکومـەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتـان وکۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکیانە خزمەتی باشـتر پێشکەش بەگەورەیی ئافرەتان بکەن لەهەرشـوێنێکی کوردسـتان پـڕۆژەی بچوک وسیسـتم ومیکانزمی گونجاو لەقۆناغەکانی ژیان بگرنەبەربۆیان هیوادەخوازم لەداهاتوویەکـی نزیک ئافرەتان تەنانـەت لەکونجی زیندانەکان و هەموو ئافرەتانی کوردسـتان خاوەن داهاتێکی بچوکی خۆیان بن لەوێوە هەنگاوبنێن بۆسەرمایەداری وخاوەن پڕۆژەی گەورە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و وەرچـ

سروە ج.ع. بە رزنجی

(بەشی یەکەم)

یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان هەر لەسـەرەتای دامەزراندنییەوە لەسـاڵی ١٩٥٢، لەسەر دەسـتی باوکی روحی کورد بارزانی نەمر تا ئەمڕۆ لەخەبات و تێکۆشـانی بەردەوامدایە لەپێناو دۆزی رەوای گەلەکەمان لەهەموو شوێن و کاتێکدا تواناکانی لەهەموو بوارەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەت و نیشتمان خستۆتە گەڕ.

هـەروەک دەزانیـن یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان، لەسـەرەتای کارکردنیـەوە پرۆگرامـی زیاتر بریتیی بوو لە خەباتی سیاسـی و هاوکاریکردنی برا پێشمەرگەکان، ڕیکخستنە نهێنییەکانی ناو شار، یارمەتیدانی خێزان، کەسـوکاری پێشمەرگە و شەهیدان، خوشکە لەیلای شەهید وەک ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان باشترین نموونەی خەباتی سیاسـییە، بەشـداری ئەم ڕیکخـراوە لەهەردوو شۆرشی ئەیلول و ئەیلول ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

ڕاپەرینە مەزنەکەی سـاڵی ١٩٩١ کە دەسـتکەتەکەی پێکهاتبوو لەخۆبەڕێوەبردنـی کـورد لەڕێگـەی هەڵبژاردنـی دیموکراتیانە، حکومەت و پەرلەمانی کوردسـتان دامەزران و دەسـتبەکاربوون، لێرەوە یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان لەخەباتی شۆرشـگێرییەوە چووە قۆناغێکی دیکەی پێویست، کە خەباتی مەدەنییە و کارکردنە بۆ بەدەسـتهێنانی مافی بەشـداری ئافرەت لە پۆستی سیاسی و بەرێوەبردنـی وولات. هەروەهـا پێگەیاندنـی ئافرەتـی بەتوانا و کاندیدکردنیان بۆ پۆستە جۆراوجۆرەکانی ناوحکومەت و ئەندامیەتی پەرلەمانی هەردوو حکومەتی مەرکەزی و هەرێمدا. ئەمە سـەرەرای

کـــورونا و پەیوەنـــدیێن جڤاکی

ب بەلاڤبوونا ڤایروسـێ کورونا کاریگەرییێن جـودا جودا پەیدا بوون د گەلەک بواران دا، ئێک ژ وانا پەیوەندییێن جڤاکی، ژ بەر کو پەیوەندییێن جڤاکی د ناڤ گەلێ کورد دا بهێزن ب هێزتر ئەڤ فاکتەرە دیار بین، بو زانینا کارگەریا پەتایا کورونا ڤایروسێ ل سەر جڤاکی د بوارێن ئاینی و جڤاکی دا مە بوچوونا کەسێن پسپور د ڤی بواری دا وەرگرتن؛

شێخ ممدوح شێخ جبار سەروکێ ئێکەتیا زانایێن ئیسلامێ لقێ زاخو بەرسڤا پرسیارێن مە دا؛

– ئایـن وەکـو ریکخەرەک ژیانـێ یە گرنگیا مـەزن دایە جڤاکی و پەیوەندیێن جڤاکی چاوا وەسف دکت؟

– ئاین گەلەک هێز دایە پەیوەندیان دناف جڤاکیدا ب گەلەک رێکان:

– ب رێـکا سـەرەدانان (صلة الرحم)کـو سـەرەدانێن مروڤایەتی، پێغەمبەرێ ئیسـلامێ محمد (سـلافێن خودێ لسەربن) دبێژیت (الرحم معلقـة بالعرش تقول من وصلني وصلته الله ومن قطعني قطعته الله)رامانا فەرمودا پێغەمبەری (سـلاف لسـە ربن) ئەوەکـو مروڤایەتی گرێداییە ب عەرشـێ خـودێ تعالا، و دبێژیت یـێ مروڤایەتیێ پێـک بینیت و سـەرەدانا بکەت خودی تعـالا دێ دلوڤانی و رازی بوناخو ب سـەردا بارینیـت،و دبێژیت یێ مروڤانیێ پێک نەئینیت و سـەرەدانا مروڤانیێ نەکـت خودێ تعـالا دێ ژوی تورەبیت و دێ ڤەبریـن کەڤیتە ناڤبەرا ئەواندا،و هەروەسـا ئاینێ ئیسـلامێ گرنگی گەلەک دایـە پەیوەندیان لدویڤ فەرمودا پێغەمبەری (سـلافین خودێ لسەربن) دفەرموت (صل من قطعك وأعطي من حرمك) رامانا گوتنا پێغەمبەری (سـلافین خودێ لسەربن)سـەرەدانا وی بکە ئەوێ سەرەدانا تەنەکەت و هاریکاریێ دگەل وی بکەیـێ هاریکاریێ دگەلتە نەکەت، مەرەم ژڤێ چەندێ کو دل کرینا مروڤایەتیێ یەو ڤەبرین نەکەڤیت ناڤبەرا مروفایەتیێ دا، هەروەسا ئاینێ ئیسلامێ گرنگی دایە پەیوەندیان د جڤاکیدا ب رێکا سەرەدانا نەخوشان و سەرەدانا خودانێن کارەساتان چ ژمرنێ بیت یان ژ خوسارەتەکا مالی بیت یان دەروونی بیت کو ئاینێ ئیسـلامێ فەرمان دایە سـەرەدانا فان جورە کەسـان بکین و بار سڤکیێ بو خەم و کوڤانێن وان پەیدا بکین . و گەلەک جورێن دی ئیسـلامێ گرنگی دایە پەیوەندیێن جڤاکی ب رێکا مزگەفتان و ب رێکا هندەک بیرەوەرییێن ئاینی و جڤاکی وەکو پێک ئینانا هەڤژینیێ کو هەمی کەس و کار و دوست و هەفال ل ڤێ بیرەوەریێ کوم ڤەدبـن .وبە یوە ندی بریکا دانا زە کاتی وصە دە قاتا وە کو هاربکاری بو دە ست کورتا وبریکا وکە ل ریکین دی .

– دسـەردەمێ نەخوشـییێن ڤەگردا ئاینێ ئیسـلامێ چ پێگری یان رێنماییێن ساخلەمی داینە دیارکرن؟

– ئاینێ ئیسـلاما پیـروز گەلەک هەول دایە کو لدەمێ نەخوشـیێن ڤەگر خەلـک خو ب پارێزن ژڤان نەخوشـییێن ڤەگـر لدویڤ فەرمودا پێغەمبەرێ خودێ (سـلافێن خودێ لسەربن) دبێژیت (ئەگەر نەخوشیا ڤەگر پەیدابو ل جهو وارەکێ سـەرەدانا وی جهـی نەکن و ئەگەر لوی جهی بن دەرنەکەفن ل جهێ نەخوشـی لـێ) مەرەم ژگوتنا پێغەمبەری (سـلافێن خودێ لسەربن) دا ئەف نەخوشـیە بەلاڤەنەبیت، هەروەسا پغەمبەر (سلافێن خودێ لسەربن) دبێژیت (ئەوێ نەخوشیا ڤەگر لدەف هەبیت بلا نەچیتە لدەف ئەوە سـاخلەم) مەرەم ژڤێ گوتنێ کو لمالاخو رینیتە خوارێ هەتا ئەف نەخوشیە ژێ بچیت و تێکەلبین دگەل خەلکی نەبیت دا نەخوشی بەلاف نەبیت.

دفەمودەکا دیدا پێغەمبەر (سـلافێن خودێ لسەربن) دبێژیت (برەڤە ژ کەسێ نەخوشـیا ڤەگر لێ بیت وەکو رەڤینا تە ژ شێری) مەرەم ژێ کومروف خو پاریزیت وتێکەلیا نەخوشیێ نەکەت.

– وەکو دیار هەر ژسـەردەمێ پەیدابینا ڤایروسـێ کورونا دەرگەهێن مزگەفتان هاتینـە گرتن، تازی وبیرەوەرییێن دی هاتینە سـنوردارکرن هاولاتی تا چەند پێگیر بینە بفێ چەندێ؟

– ژ سـەردەمێ پەیدابینـا ڤایروسـێ کورونا کو تـازی نەماینە ل مزگەفتان و شـەهیان نەماینە ل هولێن شەهیانان هاولاتی هەتا رادەکێ پێگیرن ب رێنماییێن تەندروستی ب رێکا وتارێن ئاینی ئاموژگاری هاتینە گوتن، بەلێ بەشـەک ژ هاولاتیان نەپێگیرن بڤان رێنمایان، شـەهیانان دبنە سـەیرانگەهان یان لناڤا باخچـان یان هەر ل مالان هەمی کەس و کار و دوست و هەفالا کوم ڤەدکن ئەفەژی جهێ مەترسیێ یە، هەروەسا تازی وەکو شەهیانان بەشەک ژ هاولاتیان نە پێگیرن ل مال تازیا دەینن و هەمـی کەس و کار لوێ تازیێ کوم ڤـە دبن و دبیتە ئەگەرێ بەلاڤ بونا ڤایروسێ .

– ئەم چ ژ نەخوشییێن ڤەگر وەکو کورونا فێربین؟

ئەم فێری گەلەک تشتا کرین و ژوان:

– هێز و شـیانین خودێ تعالا لسەر بەندەیان کو ئەف ڤایروسێ هند بچیک ومەترسیدار.

– لاوازیا مروڤی بەرامبەر هێزا خودێ تعالا.

– لاوازیا دەولەتێن زلهێز وپێشـکەفتنا تەکنەلوجیا دەولەتان نەشیان خولبەر ئەڤێ ڤایروسـێ بگرن هەروەسا ژیان بوماوەکێ هاتە راوستاندن وهەتا نوکە هیچ چارەسەری نەهاتیە دیتن.

– گرنگیا پاقژیا مروڤی و جهو وارا نیشا مەدا کو ئاینێ ئیسلامێ بەریا (١٤٠٠)سالا ئەم فێری پاقژیێ کرینە .

– ئـەم فێرکرین ئەم هاریکاربین دگەل ئیـک و دوو دژیانێ دا ژلایێ ماددی ومەعنەوی .

– ئەم فێرکرین کو ساخلەمی باشترین تشتە ددنیایێ دا

– ئـەم فێرکرین کو ژ گونەهـان دویربین و پتر نێزیکی خوداێ مەزن ببین .

ـــەرخانێکی نوێ لە راگەیاندن

تێکۆشـــان بۆ بەدەســـتهێنانی یەکســـانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتـــی لەنێـــوان ژن و پیاودا و بەرجەســـتەکردنی یەکســـانی جێندەری لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا. هەروەها بەمەبەســـتی خزمەتکردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان فراوانترکـــرا و چەندین ئەنجومـــەن و ناوەند لەناو هەرێم دامـــەزران تابتوانـــن خزمەت بـــە زۆرتریـــن ئافرەت لە شاروشارۆچکەکان بکەن، ئۆفیسی ئەوروپاشیان دامەزراند بەچەنـــد ناوەندێکەوە تا خزمەت بـــە ئافرەتی تاراوگە و نەوەی نوێ بکەن و لەهەمان کاتدا ببنە پردی پەیوەندی لەنێـــوان ئافرەتانی کوردســـتان و جیهان بەمەبەســـتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون لەگەڵ یەکتر.

گەورەبوونـــی ڕێکخراوەکە و زۆری ژمـــارەی ئەندامان و ئۆرگانەکانـــی لەناو هەرێمدا وهەنگاوەکانی بەرەو جیهانی تازەگەری و نوێکردنـــەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانی دەوروبەری ئەمڕۆ پێویستی بە چەند کەناڵێکی پەیوەندی خێرا و کارا هەیە لەرێگەی راگەیاندنەوە. لەم روانگەیەوە مەکتەبی ســـکرتارییەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان گرنگیدا بە کاری راگەیاندنی مۆدێرن و لەقاڵبی کلاسیکی رۆژنامەگەری راگەیاندن هاتە دەرەوە و پشـــتی بەســـت بە رۆژنامەگـــەری راگەیاندنی ئەلیکترۆنـــی. چونکە لای هەمووان ئاشـــکرایە کەئەمڕۆ ئێمە لەزەمانی جیهانگیریدا (globalization) دەژیـــن بەجۆرێک جیهان بۆتە گوندێکی بچـــوک کـــە تەکنەلۆژیای پێشـــکەوتوو لەگـــەڵ بوونی ئینتەرنێـــت و ماڵپەڕ و میدیای ئەلیکترۆن و سۆشـــیال میدیـــا، وای کردووە کە هیچ ســـنورێکی داخراو نەمێنێت لەبەردەم زانیاری مرۆڤدا.



بەیار باقی

شێخ ممدوح شێخ جبار

بەیار باقی جڤاکناس دیار دکت:

کاریگە ربا فایروسێ کوروونایێ لسە ر پە یوە ندییت جفاکی کارتیکرنـــە کا مە زن و بـــە رچافە کو ئە ف پە یوە ندی یە لاواز و سنوردار کرینە ژئە گە ری ترسا فە گرتنێ بتاییە ت ل هە لکە فتا وە کو شـــاهی ودیلان و گە شت و گوزار وسە رە دان و میهفانی و میهفانداری کرن وهە ر وە ســـا خرفە بونیت بە هی وتازیا. کو ئە ف جورە تیکە لی و پە یوە ندی یە ئێک ژ سیماییت جفاکێ مە یێ کوردە واری بو.

کارتیکرنیت کوروونایێ ییت ســـلبی (نە باش) : دهە مو بیافین ئابوری،پە روە ردە یی، رە وشە نبیری و هونە ری، دە روونی، جفاکی، ..کارتیکرنا خو یا خراب لسە ر جفاکی هە بو وئیفلیج (شـــلل) ئیخســـتە بزافا ئابوری و گە لە ک بیاف و دە لیفین کاری راوە ستاندن و بێ کاری بە ر بە لاف کر،وهە ر وە ســـا ژئالیی خواندن و پە روە ردە یی فە دە رگە هیت قوتابخانا هاتن گرتن، و هە روە ســـا دبیافی رە وشـــە نبیری و هونە ری چالاکییت رە وشـــە نبیری و کورو ســـمینار و فە ستیفالین رە وشە نبیری و هونە ری هە تا رادە یە ک مە زن راوە ستاندن، و ژئالیی دە روونی فە ترس و لە رزو قە لە قە ک بێ سنور ئیخستی یە دناف خە لکی دا و گە لە حاران ئە ف ترس و لە رزە بخو دبیتە ئە گە را پە یدا بونا نە خوشیە ک جە ستە یی، و ژئالیێ جفاکی ژی فە وە کو مە ئاماژە پێ کری پە یوە ندییت جفاکی لاواز کرن وهە روە ســـا گیانێ هە فکاری و پشـــتە فانیێ کیم کر ژبە رکو هزرا هە ر ئیکی پتر لسە ر وی وی و خیزانا وی یە ..

و هە کە ر خالە کا ایجابی (باش) ژی هە بیت رە نگە ئە فە بیت کو ئە ف خە لکە پتر لدوف پیتفییت خو مە زاختنان بکە ت و خو ژ تە بزیرێ دویر بیخت وهە روە سا پتر پیگیری ریکاریت ساخلە میێ و خو پاراستنێ بیت .

پشـــتی ب دوماهی هاتنا کوروونایێ ئـــە ف پە یوە ندییت جفاکـــی دێ زفرن شـــیوازێ خو یێ جاران یـــان نە : لدوف تیوریت جفاکی

دە مێ دیاردە یە کا جفاکی و رە فتارو ســـە رە دە ری یە ک بـــو دە مە کێ دریژ بهیت پە یرە و کرن ئیدی ب زە حمە ت بزفریت شـــیوازێ خو یێ جاران و هە تا ئە گە ر بهیتە پە یرە و کرن ژی دێ ب شیواز و قە بارە یە کێ دی بیت .ئانکو ئە ف پە یوە ندی یە نازفرن وە کو جاران.

ئە و ئـــە نجامیت کورونا لدوف خو دهیلیت : ژئە نجامیت پیشـــبین کری کو کورونا لدوف خو بهیلیت کارتیکرنە کا مە زن لسە ر

دە روون و مورالێ پتریا خە لکی و بو دە مە کێ دریژ و هە روە سا گهورین ب سە ر رە وشت و رە فتارو بهایین جفاکی .

هەڤوەلاتیـــەک بوچونـــا خوە دەربارەی ڤـــێ چەندێ دیار دکت کو پەتایا کورونا ڤایروسێ کاریگەریەکا بەرچاڤ کەتیە ســـەر پەیوەندییێن جڤاکی د دەمەکی دا پەیوەندییێن جڤاکی د نـــاڤ کوردان دا گەلەک بهێزن. هەبوونا ترســـا بەلاڤبوونێ و گرنگـــی دان بە ســـاخلەمیێ و پاقژییێ ئەو چەندە پەیدا کریە کو خەلک تا ڕادەیەکی پەیوەندییێن خوە ســـنوردار بکن بەلێ یـــا پێتڤی ئەوە ئەڤ جورە تێکەلیە ب تەمامی بهێنە گهوڕین و بیرەوەری و هەلکەفت کو خەلک تێدا خرڤە دبن بو پاشـــتر بهێنە ئەنجامدان، دا کو ئەم بشـــێن سەربکەڤین بەرامبەر ڤێ نەخوشیێ.

بەرپرسیاریەتی ئافرەت وپێگەی سیاسی

نەدا مێرگەسۆری

شـــاراوە نییە کە ئافرەت وەک تاکێکی کۆمەڵگا ماف و ئەرکی هەیە، یەکێک لەو مافانەش کە ماوەیەکی زۆر نییە بەدەستی خستووە، بریتییە لە (مافی سیاسی) کە لە بەڵگەو دۆکیومێنت و ڕێککەوتنامە جیهانییەکان ئاماژەی پێدراوەو بۆ ئێســـتای کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکانیش یەکێکە لە مافە گرنگ و هەســـتیارەکان کە دەرخەری توانـــاو لێهاتووی ئافرەتە لە گۆڕەپانی سیاسی دا.

ئەم مافەش خۆی لە تواناو درەفەتی تاک دەبینێـتەوە لە بەشـــداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا، جا چ لە ڕێگەی بەشـــداری کردن بێت لە پرۆســـەی هەڵبژاردنەکان و دەنگ دان و یاخود خۆکاندید کردن و وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیاریەتی سیاسی و حیزبی، یان بەشداری کردن بێت لە گردبوونەوە سیاسییەکان و چەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بە لایەنی سیاسی.

گومانی تێدا نییە کە ئەم مافە سیاســـییەش کە ئافرەت لەمێژ نییە بەدەستی خستووە، لە رووی کارایـــی و پێگەو هێزو دەرفەت، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی دیکە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەوە دەگۆڕدرێت، هەندێک وڵات لە مێژە ئاشنای ئەو جۆرە مافەن بۆ ئافرەت، هەشیانە بەشێوەیەکی رەها ئەم مافەیان دەستەبەر کردووە، هەشیانە بەشێوەیەکی رێژەیی و قۆناخ بە قۆناخ ئەم مافەیان بۆ رەگەزی مێ دەستەبەر کردووە.

جێگـــەی ئاماژە پێدانە کـــە لەو کۆمەڵگایانەی کە تازە بە رووی مافی مروڤ بەگشـــتی و مافی ئافرەت بە تایبەت کراونەتەوە، هێز و کارایی ئەم مافە زۆر کەمترە لەچاو ئەو کۆمەڵگاو وڵاتانەی کە لەمێژە ئەم بابەتە لەناو هەناویان رەگ و ریشەی داکوتیوە. بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی کە تازە بە رووی مافی مروڤەوە کراونەتەوە، پێویســـتە کە رەگەزی مێ زیاتر لە رەگەزەکەی دیکە خۆی ماندوو بکات و زیاتر خۆی پێشـــبخات و گەشـــە بە هەموو توانا شاراوەکانی خۆی بدات بۆئەوەی بتوانێت بە هێز و توانایەکی زۆرەوە رووبەڕووی هەموو ئاڵنگارییەکان ببێـتەوەو بتوانێت قەناعەت بە کۆمەڵگاو بە تایبەت رەگەزی نێر بێنێت کە تاکێکە جگە لەوەی کە مافی سیاســـی هەیە، دەتوانێت ئەو بەرپرســـیاریەتیە سیاسیش زۆر بە جیدی و بە باشی هەڵگرێت و بەمەش بەشدارییەکی کاراشی دەبێت لە پرس و بابەتە سیاسییەکان و تاکێکی کاریگەریش دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

ئـــەم بابەتە هەمووی گرێـــدراو نییە بە بابەتی وەرگرتنی مافی سیاســـی بۆ رەگەزی مێ، بەڵکو خالی جەوهەری و گرنگ، بەرپرســـیاریەتی هەڵگرتنی ئافرەتە لە پرســـە سیاسییەکان، بـــەو مانایەی کە تەنیا وەرگرتنـــی ماف بەس نییە، بۆئەوەی بگوترێت کە ئافرەت توانیویەتی بە مافە سیاسییەکانی بگات، بەڵکو ئەرکی بەرپرسیاریەتی هەڵگرتن لەو مافەی کە پێیدراوە، دیوێکی کاریگەری ئەو بابەتەیە، بەجۆرێ کە چەندە مافت هەیە، دەبێت لە ئاستیشـــی هێندە ئەرکـــت هەبێـــت، ئەگینا تای تەرازووەکـــە لار دەبێت و یەکســـانی و دادپەروەریش ئەو کات دەچێتە ژێر پرســـیارەوە، ئەم هاوکێشـــەیە نەک تەنیا بۆ ئافرەت، بەڵکو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاش راستە.

زۆرجـــار وەک ئافـــرەت، دڵمان خۆش دەبێت کە گوێبیســـتی ئەوە دەبیـــن کە ئافرەتێک توانیویەتی بگاتە پۆســـتێکی باڵای سیاســـی و پێگەو بەرپرسیاریەتییەکی سیاسیی پێدراوە، بەڵام ئەوەی کە دەبێت لە هەموو شـــتێک زیاتر دڵمان پێی خۆش بێت، ئەوەیە کە، ئایا ئەم ئافرەتە دەتوانێت دەرحەقی ئەم بەرپرسیاریەتیە دەربێت؟ و ئایا دەتوانێت ئەدایەکی دروست بگێرێـــت بۆئەوەی ببێتە نمونە بۆ ئافرەتانی دیکە؟ ئایا ئـــەم ئافرەتە دەتوانێت هاوکار بێت بۆئەوەی قەناعەت بۆ چینی دەســـەڵاتدار و سەرکردایەتی پارتەکان و حکومەتدارەکان دروست بکات، بۆئەوەی لەمەودا لە رووی قەناعەتی تەواوە درەفەت بۆ ئافرەتان برەخسیێنریت، نەکە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی پۆست، ئەم شوێنانە بە ئافرەت پڕبکرێـتەوە؟

هەرچەند خۆشـــبەختانە لە کۆمەڵگایی کوردستانی، ئافرەت تا رادەیەکی باش توانیویەتی رۆلێکی باش و کاریگەر بگێرێت، بەڵام رەنگە وەڵام دانەوەی ئەم پرســـیارانە ئەســـتەم بێت، چونکـــە هەر یەکەو بـــە تێڕوانینی خۆیەوە وەڵامێکیان بۆ دەدۆزێـتـــەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیـــە کە دەبێت ئافـــرەت خۆی بە قەناعەتی تەواوە وەڵامیان بۆ بدۆزێـتەوەو لە بوونی هەر کێماســـییەکیش هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی بدات، بۆئەوەی بتوانێت پێگەی خۆی بەهێز بکات و ببێتە رێخۆشـــکەرێک کە لە داهاتووشـــدا بەرپرســـیاریەتی زیاتریان پێبدرێت، بەتایبەت لە گۆڕەپانی سیاسیدا. بۆیە گرنگە کاتێک کە ئافرەت مافێک وەردەگرێت، ئەرک و بەرپرسیاریەتی وەرگرتنی ئەو مافەش بەبێ کێماسی و بە جوانی بیخاتە سەرشانی، بۆئەوەی ببێتە ئامرازێکی باش و بەهێز بۆئەوەی شـــوێن پەنجەیان بە روونی دیـــار بێت وببنە جێی متمانەی کۆمەڵگاو دەرفەتێکش برخەسێنن بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەتی زیاتر.

لە هێلینەوە

= لــەو ماوەیــەدا "پاپ فرانســیس " ســەرۆکی کاتۆلیکەکانی جیهان لە هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازدا شــەش ئافرەتی بە مەبەســتی چاودێری بە ســەر کاروبــاری دارایــی ڤاتیکان دامەزراند، ئەو شــەش ئافرەتە ئەوروپین و پێشینەی بەرزیان لە جموجۆڵی ئابووریدا هەیە، دامەزراندنی ئەو ئافرەتانە گرنگترین هەنگاوی "پاپ فرانســیس " بوو لە ئاســت بە جێ گەیاندنی بەڵێنەکانی بــۆ دامەزراندنی ئافرەتان لە پێگەی بــەرزدا، ئەو ئەنجوومەنــە کە لە ١٥ کەس پێکهاتــووە بــەر لــە دامەزراندنی ئــەو ئافرەتانە هەموویان پیاو بوون.

= "مەکێنزی ســکات" چیرۆکنوس و خێرخوازی ئەمەریکی وەکــو دەوڵەمەندتریــن ئافرەتی جیهان ناســرا، "مەکێنــزی" هاوســەری پێشــووی "جێف بزوس"دامەزرێنەر و بەرێوەبەری گشــتی "ئامازۆن" بووە کە لە ســاڵی ٢٠١٩ جیابوونەوە، ســەرمایەی "مەکێنــزی ســکات" بە پێــی بەراوردێــک کە لە بڵاوکــراوەی "فورجــون" بڵاوکراوەتــەوە بە ٦٦\٤ میلیاردۆلار خەملێنراوە.

= دواجار بەرپرسانی باڵای ئەفغانستان لە یەکەم هەنــگاودا ڕەزامەندیان دەربڕیوە بــۆ هەموارکردنی یاسای باری کەســی تایبەت بە تۆمارکردنی ناوی" دایک" لە ناســنامەی منداڵەکانیــان، ئەوەش وەک هەنگاوێکی نوێ لە بەرەوپێشچوونی ڕەوشی ئافرەت لــەو وڵاتــە هەژمــار دەکرێــت، چالاکوانانی مافی ئافرەت لە ئەفغانســتان لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوو بە شــێوازی جیاواز هەوڵی ئەوەیــان دا ڕەزامەندی بەرپرســانی باڵا بۆ ئەو ڕەزامەندییــە وەربگرن، بە تایبەتــی لە دوای دانانی کەمپینی"ناوم لە کوێیە؟ " بە مەبەســتی تۆمارکردنی ناوی" دایک"لە ناسنامەی منداڵەکان کە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و بوو بە هۆکارێک کە گەڵاڵەی ئەو بابەتە بکەن . ئەمە لە کاتێکدایە کە تاوەکو ئێســتا لەو وڵاتە لە ناســنامەی منداڵەکان تەنیا ناوی باوک دەنوسرێت .

= هاوکات لەگەڵ ســەرهەڵدانی نارەزاییەتییەکان لــە دوای هەڵبژاردنی ســەرۆکی نوێی بیلاروســیا، ئافرەتان بە کۆبوونەوە لە شــەقامەکانی پایتەختی ئەو وڵاتە بە چەپکەگەڵ داوایان لە هێزە ئەمنییەکان کرد کە کۆتایی بە توندوتیژیەکان بهێنن بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بهێنن،ئەو کۆبوونەوە ئاشتیخوازیانەی ئافرەتان بە نێوی "هێڵی هاوپەیوەندی" لە شەقامە قەرەباڵغەکانی پایتەخت ئەنجامدرا .

لــە لێکۆلێنەوەیەکی نوێی پزیشــکی لە ئەمریکا دەرکەوتووە کە هۆرمۆنی ژنانەی "ئیسرۆجین"لەوانەیە هۆکارێــک بێت بۆ ئــەوەی ئافرەتان نیشــانەکانی کۆرۆنایــان کەمتر تێدا بەدی بکرێت . "لین گروبان" سەرپرشــتیاری گروپی لێکۆلێنەوەکــە لەو بارەوە دەڵێت" ئێمە دەزانین کە کۆرۆنا ڤایرۆس کاریگەری لە سەر دڵ هەیە و هۆرمۆنی "ئیسترۆجین" هۆکاری ســەرەکی پاراستنی ئافرەتانە لە نەخۆشیەکانی دڵ و دەمار، هەر چەنــدە ئەو لێکۆڵینەوە نوێیە، بەڵام لە ئێستادا پێویستی بە چاودێری وزانیاری زیاترە .

ئا: نەسرین حەسەن

لە لاپەڕەی کتایی خانمان:

"ڕێکخستنی داهات و خەرجی خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە هاوسەنگ کردنی ژیانی خێزان"

پرسی ڕێکخستنی داهات و خەرجی خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە هاوسەنگ کردنی ژیانی خێزان و تاک بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستاماندا پێویستمان بە بۆچون و سەرنجی شارەزاییانی باری ئابووری هەیە بۆئەوەی بتوانین بەرنامەڕێژییەکی ورد بۆ خەرجی و پێداویســتەکانمان بکەین، لەم ڕوانگەوە بیروبۆچوونی بیلال سەعید، بەڕێوەبەری ئینستیووتی ئابووری بەژمارەمان وەرگرت و لەسەر چەند تەوەرێکی جیاواز گفتوگۆمان لەگەڵ ساز کرد.

ئــەو بنەمــا و ڕێکارانە چین کــە دەبێت ئافــرەت ڕەچاوی بــکات بۆئەوەی بتوانێت هاوســەنگی لەنێوان داهات و خەرجی خێزانەکەیدا بکات؟

بابەتــی ڕێکخســتنی بودجەی خێــزان یەکێک لە پرســە سەرەکییەکانە و کارێکی ئاسان نییە، ئەم بابەتە بۆ هاوڵاتیەکی ئەمریکــی و ئەوروپی ســەختە کــە باری دارایــان جۆرێک لە ســەقامگیری هەیە، چی جای ئەوەی کــە خێزان و خانەوادەی کورد لەم ڕووەوە گرفتی هەیە و جێگر نییە.

بەهۆی ئەوەی تێگەیشــتنی تاک و خێزانی ئێمە بۆ پرســە ئابوورییــەکان زیاتــر پیاو ســالارییە، بۆیە هەمێشــە پیاو بە داینەمۆی بەگەرخستنی پارە سەیرکراوە، ئەم بابەتە لە ئێستادا جێــگای گفتۆگۆی زۆرێک لە ڕێکخــراو و کۆمپانیا و تاکەکانە. بــەڵام بابەتێکی زۆر گرنگ لای بەشــێکی زۆری خێزانی کورد، ئافــرەت وەک ڕاز و نهێنــی پارێزی خێزان لــەڕووی داراییەوە سەیرکراوە، ئەم حاڵەتە بۆ کوردستان زۆر جوان و ڕێزلێگیراوە لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری پیاوی کورد هەموو حساباتی دارایی و ســەرمایەی لەبەردەستی خێزانی داناوە. بۆیە دەتوانین بڵین ئەگەر پیاو وەک ســەرچاوەی دابینکردنی داهات سەیرکرابێت، ئەوا زۆرجار لەپرۆسەی خەرجکردن پیاو و ئافرەت هاوبەشبوون یان زۆرجار ئافرەت زیاتر بڕیاری لەسەر خەرجی ڕۆژانە داوە کە ئەکرێت بڵین ئەمە بابەتە ئەساسییەکەیە.

ئایا ئافرەت چۆن دەتوانی لەســەر ئەم پرســە ڕۆڵی هەبێت بەدڵنیایەوە ڕۆڵی زۆرە و ئەکرێــت بڵین یەکێک لە گرفتەکانی هەموومان بەپیاو و ئافرەتەوە ئەوەندە لە پرۆســەی چۆنیەتی کۆکردنەوەی داهات و زیاترکردنی داهات گفتۆگۆ دەکەین و کاری لەسەردەکەین، ئەوە لە بابەتی چۆنیەتی خەرجکردن گفتۆگۆمان نییە. بۆیە تا ئەوکاتەی گفتۆگۆکانمان هەردوو ئاراستە وەرئەگرن پیویســتە ئافرەت لەبابەتی ڕێکخستنەوەی خەرجی ڕۆڵی زیاتر بکرێــت و کار بۆ هاوســەنگکردنی داهــات و خەرجی بکات بۆ ئەوەی بتوانرێت کەشــێکی لەبارتر بۆ سەرچاوەی دارایی خێزان دروســتبکرێت، ئەویش بەم چەند ڕیگایە دەتوانرێت بەشێک لە خەرجی کەمبکرێتەوە:

١. یەکێــک لەکڕینە زیادەکانت لاببە؛ ئەویش بە نووســینی مانگانەی کڕینەکانت دەتوانی ئەم پرۆسە دەستپیبکەێت.

٢. کڕینەکان بەیانیان ئەنجــام بدە؛ زۆر گرنگە هەوڵبدرێت ئافرەت کڕینەکان زیاتر بەیانیان ئەنجام بدات، چونکە بەیانیان توانا و ئینرژی زیاترە و ئەکرێت بەوریایەکی زیاترەوە کڕینەکان ئەنجام بدرێت.

٣. لیســتی کڕین ئامادە بکەن؛ لەکاتی ڕۆیشــتن بۆ مارکێت و مۆڵ و کڕینی شــمەک و پیویستی بەبی بیرکردنەوە و لیستی کڕین، هەریەک لە ئێمە تووشی کڕێنی زیاتر ئەبین.

–تــا چەنــد داهاتــی ئافــرەت دەتوانێت باری سەرشــانی هاوسەرەکەی کەم بکاتەوە لە خەرجی و پێداویستیەکانی ماڵ؟

بەدڵنیایــەوە لەبابەتــی خەرجــی خێزانی کــوردی زۆرێنە هاوبەشن، بەڵام لە کۆکردنەوەی داهات ئاستەکە سنوردارە لەژێر کاریگەری کلتۆر و ڕێکاری یاســایی کە ئێستا ڕۆژ بەرۆژ پێگەی ئافــرەت لەبــازاری کار لەزیادبوونە، بێگومــان داهاتی ئافرەت ڕۆڵێکی ســەرەکی دەبینی لەپەرەپێدانی خێزان و ســووکردنی ئەرکی پیاو بەڵام پێویســتە زۆر بەوریایەوە لەســەر ئەم پرسە مامەڵە بکەین و نەبێــە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان لەجیاتی پەرەپێدان.

– زۆر کات لــە نــاو خێزانەکاندا ژن و پیــاو داهاتی خۆیان بەجیا پاشــەکەوت دەکەن، ئەمە تاچەند هاوکارە بۆ هاوسەنگی لە خەرجکردندا؟

پرســی داهات شــتێکی زۆر شەخســییە، بــەڵام هەنگاوە تەندروســتەکە ئەبێت بەجۆرێک بێت گفتۆگــۆ لەنێوان خێزان دروست بێت لەسەر ئەم پرسانە. بابەتی چۆنیەتی کۆکردنەوە و خەرجکردن و تەنانەت پاشەکەوت بابەتێکی پێکەوە گرێدراون. ئەگــەر خێزان بــە وریایەوە داهاتــی کۆکــردەوە و پلانی بۆ هاوســەنگی داهات و خەرجی هەبوو بە ئاسانی دەتوانی ئاستی پاشــەکەوتی دیارییبکات، بۆیە زۆر زۆر گرنگە لیســتی داهات و خەرجی دیاربێت، ئەگەر ئەم ڕوونکردنەوەیە لەبەردەســت بوو ئەوکات ئەکرێت پاشەکەوت یەکلابکرێتەوە، بەڵام تەندروستترین ڕیگا ئەوەیــە هاوبەش بێت وەک چــۆن کۆکردنەوەی داهات و خەرجی هاوبەشــە، ئەوا بەهەمان شــێوە پاشەکەوت هاوبەش بێت.

–بەپێــی ئــەوەی بەڕێزتان شــارەزای بــواری ئابووریین، خوێندنەوەتان چیە بەشــێوەیەکی گشتی بۆ خێزانی کۆمەڵگەی کــوردی لەڕووی ڕێکخســتنی ژیــان و بــاری ئابوورییانەوە؟ توانیویانە ســود لە داهاتەکانیان وەربگرن و لەپڕۆژەی بەسود بەگەڕی بخەن.

بەداخەوە پرسە ئابوورییەکان لە پرۆسەی خویندن و تەنانەت حــزب و ڕێکخراو و میدیــا و حوکمرانی کــوردی زۆر لاوازە و ســنوردارە، هەموو پێکەوە لەسەر پرســی سیاسی و تەرفیهی قســەمان هەیە و ڕوونکردنەوە دەدەین، بەڵام کەمترین کات بە بابەتە ئابوورییەکان دراوە لەکاتێکدا لەســەر ئاستی جیهان ئەم کایە وەک چۆن تەندروســتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشچوونە بەهەمان شــێوە پرســە ئابوورییەکان چەندین دامــەزراوەی ڕاوێژکاری بۆ دروســتکراوە و ڕۆژانــە پەرەپێدانی تێــدا دەکرێت لەپێناو ڕەخســاندنی ئابووری ســەربەخۆ لەلای حکومــەت و تەنانەت دامەزراوە و خێزانەکان، چونکە بناغەی پەرەپێدان و گەورەبوون بە ئابوورییەکی سەربەخۆ دەستپیدەکات.

> ئەگەر خێزان بە وریایەوە داهاتی کۆکردەوە و پلانی بۆ هاوسەنگی داهات و خەرجی هەبوو بە ئاسانی دەتوانی ئاستی پاشەکەوتی دیارییبکات، بۆیە زۆر زۆر گرنگە لیستی داهات و خەرجی دیاربێت

ناسک سەعید
naskasaeed80@gmail.com
شەیما مستەفا
seymamustafa331@gmail.com